Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-11

# پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا

نیسان عباس فرحان، جەلال ئەنوەر سەعید

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

**پوختە:**

مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەستەمە بتوانێت بە تەنیا و جیا لەوی تر یان لەوانی تر بژێت، چونکە مرۆڤ هەر لە یەکەم رۆژی پەیدابوونییەوە لەسەر زەوی و (تەنانەت لە بەهەشتیش وەکو روانگە ئاینییەکە باسیدەکات) هەوڵیداوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستبکات. ئاشکراشە، کە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە دوو تاك پێکدێت نەك یەك، ئەو دوو تاکەش دەبێت لە هەردوو رەگەزە جیاوازەکە بن تاکو کۆمەڵی مرۆڤایەتی دروستبێت و بەردەوامبێت. لێرەوەیە ئیتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسکانە لە ئەزەلەوە سەرهەڵدەدەن و لە میانەی جۆرەها کارلێکی نێوان کەسەکاندا شێوەی خۆی وەردەگرێت. لەم روانگەیەوە هەوڵمانداوە بزانین تا چەند مارف خەزنەدار لە چیرۆکەکانیدا توانیویەتی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە ململانێکیانیان و ئاکامەکانیان لە چیرۆکەکانیدا بەرجەستە بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و گەیشتن بە ئەنجامی پێویست، رێبازی رەخنەی کۆمەڵایەتیمان پەیڕەوکردووە. توێژینەوەکەمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە. بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەممان بۆ پێناسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تەرخانکردووە، ولە تەوەری دووەمیشدا باسمان لەو هۆکارانە کردووە، کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. لە بەشی دووەمیشدا، هەوڵمانداوە وێنە و جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا دەستنیشانبکەین و شیبانبکەینەوە، کە خۆیان لە (خێزان، خزمایەتی، هاورێیەتی، خۆشەویستی)دا دەبیننەوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەروو، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە. دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەروو.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | July, 2025 |

**Keywords**

**پەیوەندی کۆمەڵایەتی، مارف خەزنەدار، خزمایەتی، هاورێیەتی، خۆشەویستی**

**Corresponding Author**

Nessan.farhan@su.edu.krd
Jalal.saeed@su.edu.krd

## پێشەکی:

مارف خەزنەدار لە لای خوێنەری کورد بە گشتی و لە ناوەندی ئەکادیمیی کوردیدا بە تایبەتی ناوێکی دیار و گەورەیە. ئەو زیاتر وەکو نووسەر و توێژەر و مامۆستایەك ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری شیعر و چیرۆکدا قەڵەمی بە برشتی خۆی خستووەتەکار و ئەزموونی خۆی لە ماوەیەکی دیاریکراودا خستووەتەڕوو، بەڵام مخابن لەو دوو بوارەی دواییدا بەردەوام نەبووە و زیاتری نەنووسیوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی نووسیویەتی ئەزموونێکی تێر و قووڵە و شیاوی ئەوەیە، کە توێژینەوەی تێر و تەسەلی لەبارەوە بکرێت. لەبەر ئەم هۆکارە بوو، کە توێژینەوەکەمان بۆ خستنەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چیرۆکەکانی ئەو زاتە گەورەیەدا تەرخانکرد.

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەدار)دا.

## سنووری توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان تەنیا تایبەتە بە چیرۆکەکانی مارف خەزنەدار و بە تایبەتیش بواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هیچی تر.

## میتۆدی توێژینەوەکە

ناونیشان و سروشتی توێژینەوەکە وای خواستووە، کە بە میتۆدی رەخنەی کۆمەڵایەتی کارەکەمان ئەنجامبدەین.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە بەشێکی تیۆرییە، لە دوو تەوەردا، تیشکمان خستووەتە سەر پێناسە و سەرهەڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە بەشی دووەمیشدا، هەوڵمانداوە لە رێگای نموونەی پێویستەوە وێنە و ململانێ و ئەنجامی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا دەستنیشانبکەین و شیبانبکەینەوە، کە رۆڵیان هەبووە لە رایەڵی چیرۆکەکاندا. دواتر ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە. لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: پێناسە و سەرهەڵدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

### تەوەری یەکەم: پێناسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

مەبەستمان لە (پەیوەندی) گرێدان یان بەستنەوەی شتێکە بە شتێکی ترەوە. لە ژیانی مرۆڤ و بگرە ژیانی هەموو بوونەوەرەکانی تردا (ئەگەر زێدەرۆییمان نەکردبێت) هەموو تاکێك لەژێر ناو و تایبەتمەندی جیاجیاوە پەیوەستە بە تاك یان بە تاکەکانی ترەوە وەکو: (باوك، برا، هاورێ، دەستە و تاخم، دەزگاکان ...هتد). کەواتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو کار و کارلێك و هەڵسوکەوتانەیە، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا روودەدەن (بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان) (ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ١١٣). بە واتای ئەوەی، کە کار و کاردانەوە سەبارەت بەو کارەی لە نێوانیاندایە، هەیە. ئەو پەیوەندییانەش بەپێی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جۆراوجۆرن، کاتێکیش جۆری ئەو کارلێکردنە لەنێوان خەڵکیدا دەچەسپێت، ئیتر شێوەی رێکخراوی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت (حسن، ٢٠١٢، ١٧٩).

وێرای ئەوەی، کە دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر یەك بنەما یان یەك لایەن ناوەستێت، بەڵکو پێویستی بە دوو لایەنی سەرەکییە، ئەوانیش تاك و کۆمەڵن و هەردووکیشیان کاریگەری بەرچاویان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. بەڵام بۆچوون ئاراستەی جیاواز لەبارەی گرنگی و لەپێشینەیی هەر یەك لەم لایەنانەوە هەیە، کە (حیسامەددین فەییاز) بەسەر سێ لایەن دابەشیاندەکات:

1. لایەنێك زیاتر بایەخ بە تاك دەدات و پێیوایە، کە تاك لە کۆمەڵگە لەپێشترە و بە بنەمای سەرەکی دادەنێت لە دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. بەلای ئەمانەوە تاك کۆمەڵگە دروستدەکات و مانای پێدەبەخشێت، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی ئەزموونی ژیانی تاکن و هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش دواجار لە کێشە جیاوازەکانی تاکەوە دروستبوونە.
2. لایەنی بنیاتی کۆمەڵایەتی، کە ئاراستەی دووەم پێکدەهێنێت، پێیوایە، کە کۆمەڵگە داخوازییەکانی خۆی تاك ئاراستە دەکات و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و تەحەکومی پێوەدەکات. کۆمەڵگە خۆی لە کۆمەڵێك داب و نەریت و پێوەر و یاسای جیاواز بەرپێوەی دەبەن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رێکدەخەن و وەهاش لە تاك دەکەن، کە پێیانەوە پەیوەست بێت و لێیان لانەدات.
3. هەرچی لایەنی سێیەمە، کە گونجان و سازان لەنێوان هەردوو لایەنەکەی پێشتر دروستدەکات و کۆیاندەکاتەوە، پێیوایە، کە بنیاتی کۆمەڵایەتی و چالاکی مرۆیی تەواوکەری یەکترن و ناکرێت هیچ لایەکیان جڵەوی ئەوی تر بگرێت و بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، چونکە کۆمەڵگە پێویستی بە کۆمەڵێك تاك هەیە تاکو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی دیاریکراو جا چ دامەزراوە بێت یان هەر شتێکی تر بێت. جگە لەمەش تاکەکان ناتوانن پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستبکەن بەبێ بوونی بنیاتێکی کۆمەڵایەتی، کە لای خۆیەوە ئەمیش بە جۆرەها ئامرازی مادی و رۆشنبیری پشتگیری لە بەردەوامی پەیوەندییەکان دەکات تاکو نەپچرێن و پەکیان نەکەوێت (فیاض، 2016، 14 – 16).

بە بڕوای ئێمە لایەنی سێیەم لە هەردوو لایەنەکەی تر پەسەندتر و گونجاوترە، چونکە هەر پێناسەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیش جەخت لەسەر گرنگی هەردوولا پێکەوە دەکەن. جگە لەمەش مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا

هەمیشە لە کارلێکدایە، کە بە روونی لەلایەن هەر سێ ئاراستەکەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم کارلێکەش دوو لایەنەیە و هەردوولا کاریگەرییان بەسەر یەکتردا بە روونی دەبینرێت.

## تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

سەبارەت بە سەرهەڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زانایان و پسپۆران بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم بابەتە جێگای بایەخی ئەوان بووە. هەندێکیان لە رووی جۆری ئەرێنی و نەرێنییەوە باسیان لێوە کردووە وەکو سەرنجراکێشان و رەتکردنەوە. هەندێکی تریشیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگە گەورەکاندا دابەشیانکردووە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاوەکی. زۆرێکیشیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە "مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە پشت بە ئەوانی تر دەبەستێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە لەگەڵ ئەوانی تردا بژێت. هەندێکی تریش سەرهەڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ رێککەوتن و گونجانی زەوق و ئارەزوو و تایبەتمەندیی کەسەکان پێکەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر وەهای دەبینن، کە ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای تەواوکاری دێنە ئاراوە، بە واتای ئەوەی، کە مرۆڤ ئارەزووی پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێکدا دەکات، کە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی تێدابێت، کە بە هۆیانەوە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی تەواودەکات، جا ئەو کەسەی پێویستی بە دایکایەتی بێت خۆی بە کەسێکەوە گرێدەدات، کە کە تایبەتمەندی دایکایەتی تێدابێت، کەسێکی لاوازیش خۆی بە کەسێکی بەهێزەوە دەبەستێتەوە" (فکرة، 2017، 534).

هەرچی (ساڵح شیکشی)یە، ئەوا پێیوایە، کە سەرهەڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دوو بنەمای گرنگ وەستاوە، کە لە مرۆڤدا هەن، ئەوانیش خۆراك و بەکاربردنی ئەو وزەیەی، کە لەو خۆراکەوە بەرهەمدێت. خۆراکی مرۆڤیش شتێکی ئاڵۆزە و مەبەست لێی تەنیا توخمە ماددییەکانی وەکو خواردن و خواردنەوە و هەوا نین، بەڵکو لەوەش تێدەپەڕێت بۆ کۆمەڵێك توخمی دیکەی وەکو ئاین، خۆشەویستی، سۆز، رۆشنبیری، هونەر ... هتد (فکرة، 2017، 534).

جێگای ئاماژەیە، کە چەند هۆکارێك کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت، لەوانە:

- **تایبەتمەندی کەسێتی**، کە کاریگەری بەسەر ئاکاری خاوەنەکەیەوە جێدەهێڵێت سەبارەت بە دیدی خۆی بۆ خۆی لە لایەك و دیدی کەسانی تریش بۆ خۆی لە لایەکی ترەوە، دواجار ئەمە کاریگەری لەسەر سروشتی پەیوەندی کەسەکەوە بەوانی ترەوە دەبێت، بۆ نموونە پەیوەندی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان لە نێوان خۆیاندا جیاوازە لە پەیوەندییان بە کەسانی ئاساییەوە.
- **ئەزموونی تایبەتی تاك**، کە رۆڵی دەبێت لە پێکهێنانی بیر و بۆچوونەکانی، هەروەها پێکهێنانی حەز و ئارەزووەکانی، هەموو ئەمانەش لەسەر ئاکار و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا، رەنگدەداتەوە.
- **پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی**، کە لە رۆژگاری ئەمرۆدا ئەم هۆکارەیان گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەی لە کۆمەڵگەدا دروستکردووە و بەردەوامیش دروستدەکات، کە وەك بە چاوی خۆمان دەیبینین چ کارگەرییەکی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە (فیاض، 2016، 6).

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك ئەنجام و ئامانجی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، بۆ نموونە پەیوەندییە ئەرێنییەکان لە ئەنجامی یەکێتی گروپ یان دامەزراوە و کارایی و بەهێزی و توانایان لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت. هەرچی پەیوەندییە نەرێنییەکانیشە ئاکامی لێکهەڵوەشانی گروپ و دامەزراوەکان و لاوازییانە لە هێنانەدی ئامانجە سەرەکییەکان (ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ١١٣). لێرەوەیە ئیتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی توندوتۆڵیان بە ئەدەبەوە دەبێت، چونکە رایەڵەی سەرەکی ناوەرۆکی ئەدەب پێکدەهێنن، بە تایبەتیش لە بواری گێڕانەوەدا، بێگومان بەرجەستەکردنی ئەم پەیوەندییانە جگە لەوەی کاریگەری لەسەر رووداوەکان دەبێت، بەشێکی لە بنیاتی رووداوەکانیش پێکدەهێنن. لە لایەکی تریشەوە خودی کارەکتەرەکان ئەو پەیوەندییانە لە پانتایی دەقەکەدا بەرجەستە دەکەن، کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چارەنووسی کارەکتەرەکان دیاریدەکەن (رەحمان، ٢٠٢٠، ٣٥٢). لە راستیشدا، هەموو ئەمانە بابەتی بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنن و لەو رووەشەوە هەوڵدەدەین بە پێی توانا قسەکانمان لەسەر چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا پراکتیزەبکەین.

## بەشی دووەم: رەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چیرۆکەکاندا

مارف خەزنەدار زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی لە دەرەوەی نیشتیمان نووسیوە. رەنگە ئەمەش بە هۆی بیری نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی بێت بۆ نیشتیمانەکەی، چونکە هەر مرۆڤێك، کە لە نیشتیمانەکەی و شوێنی ژیانی دوور دەکەوێتەوە سۆزێکی زۆر لە ناخیدا هەڵدەقوڵێ جا ئەگەر کەسەکە گۆرانبێژبێت بە گۆرانی دەریدەبڕی، ئەگەر شاعیربێت بە شیعر دەریدەبڕێ و ئەگەر چیرۆکنووسیش بێت بە چیرۆك دەریدەبڕێت و لە ناو چیرۆکەکانی رەنگدەداتەوە، واتە بۆ هەر کەسێك بە شێوازێکە و بەپێی بەهرەکانییەتی. لەو رووەشەوە مارف خەزنەداریش دووری و تامەزرۆیی بۆ نیشتیمانەکەی دووچاری گرژییەکی دەروونی دەبێت و بۆ رەواندنەوەی گرژییەکەشی، جگە لە نووسین هیچ نوایەکی دیکەی پێ شك نایەت، کە هانای بۆ ببات (حەسەن، ٢٠١١، ٧٦) .

یەکێکیش لەو لایەنانەی، کە مارف خەزنەدار لە ناوەرۆکی چیرۆکەکانیدا زۆر سوودی لێوە وەرگرتووە و رەنگیداوەتەوە، کۆمەڵگایە بە هەموو لایەن و بابەتە جۆراوجۆرەکانییەوە، بە هەموو دیاردە و دەزگا جیاواز و فرەجۆرەکانییەوە. گرنگترین ئەو بابەتە

کۆمەڵایەتییانەش بریتیین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لە خوارەوەدا بە نموونەوە جۆری ئەو پەیوەندییانە لە چیرۆکەکاندا ڕووندەکەینەوە.

### 1. خێزان:

خێزان، کە بنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵی مرۆییە، بریتییە "لە پەیوەستبوونێکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو کەس یان زیاتر بەهۆی خزمایەتی یان هاوسەرگیری یان بەخێوکردن. ئەمەش بە هاوسەرگیری دەستپێدەکات، ئینجا منداڵ خستنەوە یان بەخێوکردنیان و تێیدا باوك و دایك بایەخ بە بەخێوکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانیان دەدەن" (القماز، ٢٠٢١، https://mawdoo3.com). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەندامەکانی خێزان مەرج نییە لە ڕێگای خوێنەوە کۆ ببنەوە، بەڵکو دەکرێت ژن و مێردێك منداڵیان نەبێت و منداڵی کەسێکی تر بەهەر هۆیەك بێت بەخێوبکەن. لەو ڕووەشەوە لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا خێزان ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام هیچیان وەکو ئەو خێزانە نییە، کە لە چیرۆکی (بووکە شووشە)دا دەردەکەوێت. ئەم خێزانە بە گشتی بەهۆی جەنگەوە پەرت و بڵاوەبنەوە. باوك لە جەنگە، کوڕ، کە منداڵە لە پرێکدا لەگەڵ منداڵی دراوسێیەکدا وندەبن، دایك و کچێکی یەك دوو ساڵە ماون، ئەویش بەهۆی برسێتی و ماڵوێرانییەوە ناچاردەبن لە ڕێگای سوپاوە دەریاندەکەن بۆ ناوچەکانی دوور لە بەرەکانی شەڕ. لەناو ماشینی سوپا، کە هەفتەیەکیان پێدەچێت ژنێك ئاگاداری دەبێت. ئیتر تەنیا دایکەکە دەمێنێتەوە و ئامادە نییە شار جێبهێڵێت. کەواتە سەرەتا ئەم خێزانە چوار کەسییە پەرت و بڵاودەبنەوە. کچەکە، کە ناو و ناونیشانی بە کارتۆنێکەوە لە ملیدایە، لە (تاشقەند) خێزانێك دەیگرنە خۆیان و بەخێوی دەکەن، ئەو خێزانە خۆیان کوڕێکی بیست ساڵییان هەیە و ڕۆیشتووە بۆ جەنگ، دوای تەواوبوونی جەنگ، کە پێنج ساڵێکی پێدەچێت، لە ڕێگەی پرسیار و نامەوە کەسوکاری دەدۆزنەوە و دەینێرنەوە لای خێزانەکەی خۆی، هەڵبەت پێش گەڕانەوەی ئەم کچە، باوك و براکەشی گەڕاونەتەوە و ئیتر کاتی ئەوەیە هەموویان بە یەك شاد ببنەوە. لە باسی ساتی ماڵئاواییدا لە خێزانەکەی (تاشقەند)دا دەڵێت: **"هەرسێکیان، دایك و باوك و برای تاشقەندم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە ئێستگەی شەمەندەفەردا وەستابوون، منیان بەڕێ دەکرد.، کە لە لینینگرادەوە منیان هێنایە تاشقەند هەموو سامانەکەم مقەبایەکی ملم بوو، بەڵام من لە تاشقەندەوە بەڕێ کرام، هەموو لەشم هێز و توانای مرۆڤایەتی بوو. زۆر سەیرە! من خۆشیی ژیانم خستە ناو دڵی دایك و باوك و برام لەو کاتەی، کە لە لینینگراد بە من شاد بوون، هەروەها تاڵی ژیانیشم خستە ناو دڵی دایك و باوك و برای ئەولام، لەو کاتەی هەتا هەتایێ لێیان جیابوومەوە. بەڵام سووچی منی تیا نییە، ژیان و ڕۆژگار وەڵامی ئەمە دەدەنەوە"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٧٧).

### 2. هاوڕێیەتی:

یەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هاوڕێیەتییە،کە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ چ لە دەرەوەی خێزان و چ لەناوەوەی خێزاندا بێت. بۆ نموونە زۆر جار بەهێزی هاوڕێیەتی دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی خێزانەکان لەیەکتر، ئەمەش یان هەر لە سنووری هاوڕێیەتی یان تێکەڵاوبوون لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە ڕوودەدات. پەیوەندی هاوڕێیەتی هەندێجار ڕاستگۆیی و دڵسۆزی تا کۆتایی بەردەوامدەبێت، هەندێجاریش بەرژەوەندی و مادییات دەیبەن بەڕێوە و ناگات بە کۆتایی. لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا پەیوەندی هاوڕێیەتی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و لە (١٠) چیرۆکدا ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەوانەش وەکو: وەکو چیرۆکەکانی (دەروێش کاکەڵڵا، بووکە شووشە، ئێوە قارەمانن، سوێندی بەچکە شێران، سەرینە بۆر، چیرۆکەکەی سووتاند، سڤێتلانە، ئەو ساڵەی مستەفافەندی گەڕایەوە ئەستەموول، کۆڵانی گەرماوی مۆدە، چیرۆك لە کوردستانەوە)، بەڵام لەبەر دووبارەیی هەندێك لە وێنەکان و ڕووکەشێتی هەندێکی تریان تەنیا چەند نموونەیەك وەردەگرین، کە مەبەستی تەوەرەکەی ئێمە بدات بە دەستەوە.

لە چیرۆکی (دەروێش کاکەڵڵا)دا، گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی یەکەم باسی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات، کە منداڵێکی شاری بووە و زۆری حەز لە سواربوونی پشتی گوێدرێژبووە و هەمیشە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی هەینی کردووە تا دەروێش کاکەڵڵا لە گوندەوە بە گوێدرێژەکەیەوە بێتە شار و تا ئێوارە میوانیان بێت، ئەمیش ئەو حەزەی خۆی تێربکات. جارێك لەو جارانە، کە کۆتاجاریش دەبێت، دەروێش دێتە ماڵیان، دوای قاوەڵتیکردن لەگەڵ دەروێش دەچنە ناو بازاڕی گەورە، لە ڕێگا بەدەم قسەکردنەوە لە دەروێش کاکەڵڵا دەپرسێت:

- **خاڵە دەروێش لە کەیەوە ماڵی ئێمە دەناسی؟**
- **لەمێژە کوڕی گەورەم لەمێژە، هێشتا ئەم خانووەتان دروست نەکردبوو، ماڵی باپیرت لەودیوی شیوەکەوە بوو، تازە هاتبوونە شار، هەردووکمان لە تەمەنێکدا بوون، کە بووم بە ئاشنای، ئەو سەردەمە باوکت منداڵ بوو، لە باوەشمدا یاریم لەگەڵ دەکرد، دنیا دەگۆڕێ** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٨٥).

وەك دەبینین پەیوەندی دەروێش بە خانەوادەی گێڕەرەوە زۆر دێرین و پاك و بێگەردە، بەڵام وا دەرناکەوێ لە سنووری دەروێش خۆی و لە دوای مردنی خۆیشی ئەم پەیوەندییە بمێنێت، چونکە وەکو گێڕەرەوە ئاماژەی بۆ دەکات کوڕەکەی دەروێش، کە ناوی (مستەفا)یە، زوو زوو دێتە شار بەڵام هیچ ئاماژە بەوە ناکات، کە جارێك بە هەر مەبەستێك بێت هاتبێتە ماڵیان، بۆیە بە مردنی دەروێش کاکەڵڵا هاوڕێیەتییەکەش کۆتاییدێت و وەکو یادگاری لە دڵی یەکتردا دەمێننەوە.

هەروەها لە چیرۆکی (بووکە شووشە)دا، گێڕەرەوە، کە خودی نووسەرە و بە ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات، کە بۆ ئەرکێکی سەخت و پیرۆز هاتووە و بۆ یەکێتی سۆڤییەت ئەویش تەواوکردنی خوێندنی باڵا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆیە هیچ کاتی ئەوەی نییە، کە زۆر پەیوەندی هاوڕێیەتی دروستبکات و بەشداری کۆڕی یاران بکات، هەروەکو دەڵێت:

- **لەو دەمەدا بێجگە لە سەرنجدان لە دیمەنی سروشت بیرم بۆ هیچ بیرم بۆ هیچ لایەکی تر نەڕۆیشتبوو، بە تایبەتی ئەو ڕۆژە خۆم ئامادە نەکردبوو ناسیاوی لەگەڵ کەسدا پەیدا بکەم، یان هاوڕێ و دۆستێکی تازە بدۆزمەوە، چونکە لەو ڕۆژانەدا ئەرکێکی زانستیی قورس کەوتبووە سەر شانم، دەبوو جێبەجێی بکەم** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٤٧)

بەڵام بە ڕێکەوت تووشی هاوڕێیەتی کچێکی تەمەن بیست یەك ساڵ دەبێت و دنیابینی دەگۆڕێت، چونکە تا ئەو کاتە بەلایەوە وەکو مرۆڤێك هەر (بووکە شووشە)یەك بریتییە لە پارچە پەڕۆیەك یان لاستیکێکە و ئامرازێکە بۆ ژیرکردنەوەی منداڵ، بەڵام ناسینی ئەو کچە ڕووسە، کە سروشت و هەڵسوکەوتێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ کچەکانی تر، کە لەو ماوەیەدا بینیونی وا دەکات بیرکردنەوەی بگۆڕێت، هەم سەبارەت بە (بووکە شووشە) و هەمیش سەبارەت بە هاوڕێیەتی.

- **تا نەبووم بە ئاشنا و هاوڕێ و خۆشەویستی قارەمانی ئەم بووکەشووشەیە، لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم. دیارە لەو کاتەدا هێشتا بە قووڵی نەچووبوومە ناو گێتیی هەستی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لە پاشاندا بۆم دەرکەوت، کە بووکەشووشە، نەرمونۆڵییە بۆ دەست و پەنجە ناسك و جوانەکانی منداڵ ... هتد** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٤٥ – ١٤٦).

لە ڕاستیدا ئەو کچە ڕووسە، کە ڕزگاربووی جەنگی جیهانی دووەمە، بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و زۆر متمانەی بە هەموو کەسێك نییە، بەڵام، کە لەگەڵ نووسەردا دەبێت بە هاوڕێ، پرسیاری منداڵی نووسەر دەکات، کە لە وەڵامەکەیدا دیارە منداڵییەکی ئاسایی و ئارام بووە و کەمتر کاریگەرییەکانی جەنگی بەسەرەوەیە ئەمەش لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی ڕاستەخۆ گۆڕەپانی جەنگ نەبووە. بەڵام منداڵی کچە ڕووسەکە، کە خۆی بۆ نووسەری دەگێڕێتەوە تژییە لە برسێتی و نەهامەتی کارەساتی جەنگ، وەکو دابڕان لە کەسوکار و پەرتەوازەبوونی تەواوی ئەندامانی خێزان هەتا دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان بە یەکتر شادبوونەوە، بەڵام کارەساتەکانی جەنگ ئێستاش دوای نزیکەی بیست ساڵ هێشتا کاریگەری لەسەر ئەم کچە داناوە و هەر ئەمەشە وا دەکات، کە وەکو خۆ بەتاڵکردنەوەیەك چیرۆك و بەسەرهاتی خۆی بۆ نووسەر بگێڕێتەوە دوای ئەوەی دڵنیادەبێت، کە کەسێکی باشە و جیاوازە لەوانی تر. ئیدی دوای بیستنی چیرۆکی ئەو کچە ڕووسە، ئینجا نووسەر تێدەگات، کە بۆچی ئەوەندە بووکە شووشە گرنگە، بەڵام لەتەوەری ناوڕۆکی سیاسیدا زیاتر لەم بارەیەوە قسە دەکەین.

هەروەها چیرۆکنووس لە چیرۆکی (سوێندی بەچکە شێران)دا، ئەوەمان پیشاندەدا، کە چۆن هاوڕێیەتی ڕۆڵی لە گۆڕان و وەرچەرخانی کەسێتی مرۆڤدا هەیە بە تایبەتیش هاوڕێی باش. لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێك قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا هاوڕێن و هەموان یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام (جەمیل) بە هۆی ئەوەی تاقانەیماڵەوەیە و هەمیشە لە ژێر کاریگەری قسەکانی باوکیدایە، کە ئەوان کوڕی فەقیرن و بۆیان نییە دەم لە سیاسەت بدەن، بەڵکو دەبێ دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و هەموو هەوڵێکیان ئەوەبێت، کە خوێندن تەواوبکات، بەڵام:

- **جەمیل لەلایێك، کە گوێی لە قسەکانی باوکی دەبوو، پێ ڕاست بوون، باوەڕی پێیان دەکرد لە لایێکی تریشەوە، کە دەیدی قوتابییانی هاوڕێی دەم لە سیاسەت دەدەن و قسە لەو باشتر دەزانن، بەزەیی بەخۆیا دەهاتەوە، بە تایبەتی گەلێ جار پەست و بێ تاقەت دەبوو، کە دەیدی هاوڕێکانی لەگەڵ یەکدا دەگەڕێن، تەنانەت هەندێجاریش پێکەوە بۆ سەیران دەچن** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٢٢٧ – ٢٢٨).

ئیدی ئەم دۆخە جەمیل تووشی نیگەرانی دەکات و هەمیشە لە قوتابخانەش بە تەنیا دەبێت و کەس هاوڕێیەتیی ناکات و لە وانەکانیشیدا خراپ دەبێ، بەمەش هەست بەکەمی خۆی دەکات بەڵام کاتێك لە ڕێگای قوتابییەکی لەخۆیان گەورەترەوە دەبێت بە هاوڕێیان و تێکەڵی قوتابییان دەبێت متمانەی یەکتر بەدەست دێنن، ئیتر سەرتاپا ژیانی دەگۆڕێت و ئاستی خوێندنیشی بەرزتردەبێتەوە و دەبێتە جێگای سەرنجی هەموان و ئەوانیش بە هاوڕێیەتی جەمیل دڵخۆش دەبن چونکە ئیتر یەك ئامانج کۆیاندەکاتەوە. بۆیە بڕیاردەدەن ڕۆژی هەینی گەشتێك بکەن بۆ قەراخ شار و لەوێ بەدەم ئامادەکردنی چێشتەوە، گفتوگۆ و دەمەتەقێی سیاسیی دەکەن و پەیمان و سوێند بۆ یەکتری بخۆن کە:

- **... بە خوا و بە پێغەمبەر و قورئان و خاکی کوردستان و خەنجەری کورد سوێند دەخۆم، کە خەبات بکەم بۆ بەرزبوونەوەی کورد و یەکێتی خاکی کوردستان** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٢٣٥).

هەروەها لە چیرۆکی (چیرۆکەکەی سووتاند)دا، کە ئەمیش لە دەرەوەی کوردستان نووسراوە، چیرۆکنووس پەیوەندی نێوان دوو هاوڕێ دەخاتەڕوو، یەکەمیان کە خودی نووسەرە و دووەمیان هاوڕێیەکی نزیکی چیرۆکنووس خۆیەتی، کە کوڕێکی ڕووسە. وا دیارە، کە ئەدەبیات و چیرۆکنووسین و زیاتر لێکی نزیککردوونەتەوە و کردوونی بە دوو هاوڕێی دڵسۆزی یەکتر. دیارە گێڕەرەوەی نووسەر بەردەوام سەردانی هاوڕێ چیرۆکنووسەکەی کردووە و هەموو جارێکیش لەگەڵ هاوڕێکەیدا سەری گەرمکردووە. ئەمجارەش، کە بە نیازە لای ئێوارە سەردانیبکات، هەر لە بەیانییەوە هەستێکی دڵخۆشکەری هەیە و خۆیشی نازانێت هۆیەکەی چییە؟ وەکو هەمیشە بە بوتڵێك شەرابەوە دەچێت بۆ لای. ئەم جارە، کە دەرگای لێدەکاتەوە وێڕای سەرماکەی دەرەوە بە پەلە دەچێت پەنجەرەکە دەکاتەوە و چاو بە هەموو شوقەکەدا دەگێڕێت بەڵام ئاسەواری هیچ سووتانێك لە ئارادا نەبوو. دواتر بۆی دەردەکەوێت هاوڕێکەی لە دۆخێکی دەروونیی ناڵەباردایە و دواهەمین چیرۆکی خۆی سووتاندووە. چونکە قەت چیرۆکیان بۆی بڵاونەکردووەتەوە و ئەمیش تووشی نائومێدی بووە. مخابن ئێستا پەشیمانە بەڵام ناشتوانێت جارێکی تر وەکو خۆی بینووسێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

- **جانتاکەم کردەوە، لە پێشاندا شووشە شەرابە مۆڵداڤییەکەم هێنایە دەرەوە و خستمە سەر مێزەکە، ئینجا روونووسی دووەمی چیرۆکە سووتاوەکەی هاورێکەم هێنایە دەرەوە و دامە دەستی، چەند رۆژێك لەمەوبەر وەکو هەموو چیرۆکەکانی تری لێم وەرگرتبوو بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە! (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٢٦٤).**

ئەمە دواهەمین رستەی چیرۆکەکەیە و هەموو جوانیی چیرۆکەکەشی لەخۆگرتووە، چونکە خوێنەر لەگەڵ هاورێ نووسەرەکەدا وەرِس و بێتاقەت دەبێت لەبەر سووتاندنی چیرۆکەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین گێرەرەوەی نووسەر زۆر هێمنانە مامەڵە دەکات و هانیدەدات چیرۆکەکە جارێکی تر بنووسێتەوە، کە تێدەگات ناتوانێت ئەوکارە بکات وەکو موفاجەئەیەك بۆ هاورێی نووسەر و بۆ خوێنەریش روونووسی دووەمی چیرۆکەکە دەداتەوە دەستی هاورێکەی و ئاسوودەی دەکات. بێگومان ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر دڵسۆزانە و مرۆڤانەیە چونکە دەکرا لێی بشارێتەوە و بەناوی خۆی بڵاویبکاتەوە، بەڵام دیارە، کە راستگۆیی و دڵسۆزی پیشەی گێرەرەوەیە و بیرکردنەوەی لەم جۆرە لە فەرهەنگیدا نییە.

هەر لە چوارچێوەی خستنەرووی چەمکی هاورێیەتییدا چیرۆکنووس لە چیرۆکی (سڤێتلانە)دا، نووسەر وێنەیەکی جیاوازی هاورێیەتیمان پێشاندەدات. سڤێتلانە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کەسێکە ژیانێکی زۆر سەختی بەرێکردووە، پێنج ساڵان بووە باوکی لە جەنگی جیهانی دووەمدا کوژراوە، بۆیە بە ناچاری لەبەر بژێوی ژیان شوو بە ئەفسەرێکی ئەندازیاری چەکی سوپایی دەکات بەڵام ماوەی ژن و مێردایەتییەکەیان تەنیا پێنج مانگ دەخایەنێت چونکە مێردەکەی دەنێرن بۆ کپکردنەوەی راپەرینی هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦ و لەوێ دەکوژرێت، دواتر دایکیشی دەمرێت و بە تەنیا دەمێنێتەوە، پاش چوار ساڵ شوو بە پیاوێکی تر دەکاتەوە و ئەویش تەنیا نۆ مانگ لەگەڵی دەبێت. هەموو ئەو ئەم رووداوە خەمناکانە سڤێتلانە خۆی بۆ نینای هاورێی و مێردە نووسەرەکەی نینا دەیانگێرێتەوە ئەمەش دوای ئەوەی بە رێککەوت دەبێت بە هاورێی (نینا) ئەویش سڤێتلانە بە مێردەکەی دەناسێنێت و هەر زوو هاورێیەتییەکەیان بە شێوەیەك پەرەدەسەنێت، کە زۆر هەست بە ئاسوودەیی دەکات و هەموو دەردە دڵی خۆی بۆ نینا و مێردەکەی دەکات. لەو رووەشەوە  لە یەکێك لە گفتوگۆکانی لەگەڵ مێردە نووسەرەکەی (نینا)دا دەڵێت:

- **هەر ئەوەندەم چاکە کردووە بەرامبەر بە خۆم، لە سەرەتاوە بریارم دابوو مندالم نەبێ، بۆ ئەوەی کەسێکی تر تووشی ئەشکەنجە و ئازاری ژیان نەکەم** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٦٩).

بەڵام مخابن ئەم هاورێیەتییە تەنیا پێنج شەش مانگێك دەخایەنێت، چونکە سەر دەکێشێت بۆ پەیوەندی سێکسیی لە نێوان سڤێتلانە و مێردی نینای هاورێی کاتێك شەوێکیان مێردەکەی نینا سڤێتلانە دەگەیەنێتەوە بۆ ماڵەکەی، لەوێ بە بێ دەنگی و بە ئاماژەی چاو فەرمووی چوونە ژوورەوەی لێدەکات، ئەویش هەر بەبێدەنگی دەچێتە ژوورەوە و هەر بەبێدەنگیش پێکەوە جووت دەبن. دواتر سڤێتلانە لەبەر شەرمەزاری و ئازاری ویژدان، کە ناپاکی لە نینای هاورێی کردووە چوار رۆژ ناچێتە سەرکار، دوای ئەوە دەچێتە سەرکار و بێ ئەوەی هیچ شتێك بە هیچ کەسێك بڵێت ماڵئاوایی و گەردن ئازادی لە هەموان دەکات و بە یەکجاری لەبەر چاوان ون دەبێت: **(لە پاش چەند رۆژێك نینا چووبووە ماڵیان بۆ ئەوەی سۆراخی بزانێ، هاوسێکانی وتبوویان سڤێتە باری کرد، بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێ بۆ کوێ!)** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٢٧٤). ئیدی بەم شێوەیە سڤێتلانە خۆی لەژێر ئەو ئازاری ویژدانە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە ژیانی خێزانی نینای هاورێی لە مەترسی هەڵوەشانەوە رزگاردەکات.

## 3. خزمایەتی:

خزمایەتی بنەمایەکی گرنگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کۆمەڵی کوردەوارییشدا، کە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتییە پەیوەندی خزمایەتی بەهێزە جا خزمایەتییەکی دووربێت یان نزیك ئەوەیان لەسەر شێواز و مەودای هاتوچۆی نێوان خزمەکانە. لەو چوارچێوەیەشدا هەندێجار پارە و سامان و هەندێجاریش بەرژەوەندی ژن و ژنخواستن پەیوەندی خزمایەتی بەرێوە دەبات و، جاری واش هەیە هیچ بەرژەوەندییەك جگە لە دڵسۆزی و خۆشەویستی لەنێوان خزمەکاندا نییە. لەو رووەشەوە بە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی سەرجەم چیرۆکەکانی چیرۆکنووس، دەبینین، کە لە چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا، پەیوەندی خزمایەتی بە چەندین شێوە دەرکەوتووە و رۆڵیان لە بەرێوەبردنی رووداوەکانی چیرۆکەکاندا بینیوە.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (لەسایەی شەریعەتدا)، کە ناوەرۆکێکی تەواو کۆمەڵایەتی هەیە، بە وردی باس لە خزمایەتی و هۆکار و ئامانجەکانی ئەم خزمایەتییە کراوە. لەو چوارچێوەیەشدا کوێخا کەریم و کوێخا رەحیم، کە دوو بران و دوو تاکە دەوڵەمەندی گوندەکەی خۆیانن لە دوای ئاغاوە. کوێخا کەریمی براگەورە ژنی هەیە و کوریشی هەیە، بەڵام کوێخا رەحیم ژنی نییە. بۆیە کوێخا کەریم دەچێت (ئەستێ)ی خوشکی (هەمین)ی خێزانی خۆی بۆ براکەی دەخوازێت. ئیدی بەم شێوەیە هەم پەیوەندی خزمایەتی خۆی لەگەڵ ماڵە خەزوورانی خۆی بەهێزتر و پتەوتر دەکات و هەمیش برایەتی خۆی لەگەڵ براکەی توندتر و پتەوتر دەکات. بەڵام مخابن لەبەر چاوچنۆکی و تەمەعکاری کوێخا کەریم ئەم برایەتیی و خزمایەتییەی لەگەڵ ماڵی براکەی تا سەر نابێت، چونکە داب و نەریتیان وابووە، کە هەر لە منداڵییەوە کور و کچەکانیان لە یەکتری مارەبکەن، بۆیە، کە کوێخا رەحیم (غەزاڵ)یان دەبێت راستەوخۆ لە (حەسەن)ی ئامۆزای مارە دەکەن، بەڵام ئەم خۆشییەی کوێخا کەریم بەردەوام نابێت، چونکە خۆی منداڵی دووەمی کچ دەبێت و ئەو هیوایەشی پووچەڵدەبێتەوە، کە ماڵی کوێخا رەحیمی برای کچیان ببێت، چونکە ئەوانیش کوریان دەبێت و ناچارن دەبێت لە یەکتری مارەبکرێن و مارەش دەکرێن. ئیدی بەو شێوەیە و بەپێی ئەو نەریتەی خۆیان کوری کوێخا کەریم کچی مامی دەگوازێتەوە، بەڵام کوێخا کەریم بە بیانووی بێ ماناوە گوایە کچەکەی لە برازاکەی گەورەترە نایەوێت

بیداتێ و دەیەوێ بە پارەیەکی زۆر لە ئاغای گوندێکی دراوسێی گوندەکەی خۆیان مارەیبکات. برازاکەشی ئامادەنییە تەڵاق بدات، واتە **"لە پاش چەندوچوونێکی دوورودرێژ، یەکێکیان لە قسەی خۆی نەهاتە خوارەوە، مامە کەوتە تۆقاندنی حوسێن بەوەی، کە دەیدا بە میری، چونکە لە سەربازی ڕای کردووە"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٩٦ – ٩٧). هەروایشی کرد و هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێکرد و ناوی برازاکەی دا بە حکومەت و لەبەر دەستڕۆیشتوویی خۆی لە شار سێ ساڵ بۆ سەربازی دەینێرن بۆ باشووری وڵات و کوێخا ڕەحیمیش تەڵاق دەخوات، کە نابێ کورەکەی کچی مامی تەڵاقبدات و، کە سەربازیش تەواوبکات دەبێت ژنی بۆ بێنێت. لە کۆتاییشدا هەر وایان کرد و لەو نێوانەشدا خانەگوڵی کوێخا کەریم بوو بە قوربانیی دابونەریتی پووچ و بێ بنەمای باوکی و بێ هەڵوێستی حەسەنی برای.

هەروەها لە چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)دا، نووسەر باس لە پیرێژنێك دەكات بە ناوی ڕەحمەی، کە پوورزای باوکی کاکە سووری قارەمانی چیرۆکەکەیە. کەواتە خزمێکی زۆر نزیك نییە و زۆریش دوور نییە بەڵام دواتر لە هەڵوێستیدا دەردەکەوێت، کە خزمێکی بە کەڵکە و خزمی ڕۆژی تەنگانەیە. کاتێك کاکەسوور بە ناچاری عەیشانی خۆشەویستی هەڵدەگرێت و بە یارمەتی مام وسو دەگەنە ناو شار، بەڵام لە ماڵی ڕەحمە زیاتر هیچ کوێی تریان نییە بۆی برۆن. **"کە لە دەرگای حەسارەکە چوونە ژوورەوە، پیرێژنە ڕەحمە لەپێش ژوورە کۆنە بۆقرەکەی خۆیدا ئاگری دەکردەوە. بە ڕووخۆشییەوە پێشوازی لە میوانەکانی کرد، قەرتاڵە ترێی لە مام وسوو وەرگرت. دەستەجێ پیرێژنە ڕەحمە لەم هاتنە تێگەیشت و میوانەکانی بردە ژوورەوە و تێی گەیاندن، کە نەچنە دەرەوە بۆ ئەوەی کەس چاوی پێیان نەکەوێ، بە تایبەتی هەندێ لە دانیشتووانی حەسارەکە کەسوکاری پیرێژنە ڕەحمەیان دەناسی. (...). پیرێژن بە شوێن مەلادا چوو، لە ڕێگا سێ قاڵب سابوونی حەڵەب و نیو هۆقە چا و سێ چوار کیلۆ شەکری بۆ مەلا کڕی بۆ نوقڵانە، مەلا هاتە ماڵەوە و عەیشانی لە کاکەسوور مارە کرد و دینارێکیشی خستە گیرفانییەوە"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٠٢). لە ڕاستیدا، ئەم هەڵوێستە پڕ لە جوامێرییە هەر لە دایکێك دەوەشێتەوە کە بۆ کوڕەکەی بکات، لەو ڕووەشەوە پیرێژنە ڕەحمە زۆر دڵسۆزانە کارەکان بۆ کاکەسووری خزمی ڕاییدەکات و تەنیا خەمی ئەوەیە، کە نەیدەتوانی لە حەسارەکەی خۆیان یان لە ژوورەکەی خۆیدا ماڵێکی بە دڵی خۆیان بۆ دابمەزرێنێت،

شایەنی باسە، یەکێکی تر لەو چیرۆکانە، کە باسی خزمایەتی دەکات، چیرۆکی (سمتانە)یە، کە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی دەمارگیریی وێنای کردووە و دەیگێڕێتەوە. لە چیرۆکی (سمتانە)دا کاتێك ئاغا دوو کچی جوان دەبینی بە لەنجە و لار دەچن بۆ کانی، زۆر تووڕە دەبێت بڕیار دەدات سزایان بدات، بەڵام کاتێك دەپرسی ئەم دوو کچە کێنە؟ (ئەلە چەوتە) دەڵێ: **"قوربان! ئەمانە یەکێکیان کچی هەمزە ئاغای نەوەی عەزیز ئاغا مامی باوکتە ئەوەی تریان کچی مچە شەریفە!"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٣١٤)، بۆیە ئاغا بەم ڕوونکردنەوە و خستنەڕووە کەمێك دەشڵەژێ، بەڵام دواتر دەڵێ: کچی هەمزە ئاغای ڕێ تێ دەچی هەرچی بکا، بەڵام کچی (مچە شەریف) نابێت، لێرەدا ئاغا بڕیاری خۆی دەگۆڕێت، لەبەر دوو هۆکارێکیان ئەوەیە  کە کچی (هەمزە ئاغا) خزمی خۆیەتی، بەڵام کچی (مچە شەریف) خزمی نییە، هۆکارێکی تریشیان ئەوەیە کچی (هەمزە ئاغا) کچە دەوڵەمەند و کچە ئاغایە، بەڵام کچی (مچە شەریف) کچە هەژارە، بەداخەوە ئەوەش جیاوازی چینایەتییە و بۆی نییە سەرەنجی کەس بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، وەك دەبینین، بەو شێوە دەمارگیرییە ئاغا لە (کچی هەمزە ئاغا) خۆشدەبێ، بەڵام سەرانە لە (مچە شەریف) وەردەگرن بە ناوی ئەوەی کچەکەی جوان و خڕ و پڕە. شایەنی باسە، (ئەلە) لە حاجی ئاغا نەگەیشت، چونکە ناوی ئەم سەرانەیەی بۆ روون نەکردووە. زۆر باشیش دەیزانی کە ئەو سەرانەیە لەمەو دوا دەبێتە سەرانەیێکی تر و دەچێتە ناو ئەوانی دیکەوە، ئیتر گوتی:

**- قوربان واتە سەرانەی سمت!**

**-بەڵێ بەڵێ! گەوجە بڵێ: سمتانە!** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٣١٥).

لە ڕاستیدا، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە دوو کێشەی سەرەکی دەخاتەڕوو، یەکێکیان جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و ئاغا و گەدا و خزم و کەسی بێگانە، ئەوی تریان ئەو ئاغا و دەسەڵاتدارانەی، کە بە بیانووی جۆراوجۆر سەرانە لە خەڵکی ڕەشورووت وەردەگرن، کە سەرانەی جۆراوجۆر بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن، کە هیچ مانای نییە و خۆیان ناوێکی بۆ دەدۆزنەوە وەکو سمتانە.

## 4. خۆشەویستی:

خۆشەویستی بریتییە لە کۆمەڵە هەستێکی ئەرێنی و دۆخی سۆزداری و عەقڵیی، کە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر دەروون و کەسێتی تاکدا هەیە، هەر لە ڕەوشتی بەرزەوە هەتا سادەترین ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە. لێرەدا مەبەستمان لە خۆشەویستی هەموو جۆرە خۆشەویستییەک دەگرێتەوە، نەك تەنیا هەر ئەو خۆشەویستییەی، کە لەنێوان کچ و کوڕدا هەیە، بۆ نموونە خۆشەویستی دایك جیاوازە لە هی باوك و خوشك و برا و هاوسەر و یان خۆشەویستی خواردنیش. بەڵام زۆر جار، کە باس لە خۆشەویستی دەکرێت مەبەستی لە پەیوەستبوونێکی بەهێزە بە کەسێکی دیاریکراوەوە.

لەو چوارچێوەیەشدا و چیرۆکەکانی مارف خەزنەداردا هەیە، زۆربەی ئەو خۆشەویستیانە بەرچاو دەکەون. وەکو خۆشەویستی دایك بۆ کوڕ لە چیرۆکی(سەرینە بۆر) و خۆشەویستی باوك بۆ کوڕ و کوڕ بۆ نیشتیمان لە هەردوو چیرۆکی (ئەمەیە ئەنجامی تاوانبار) و (سوێندی بەچکە شێران)دا بەرچاو دەکەون و دەبینرێن. هەروەها خۆشەویستی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ، کە دەچێتە چوارچێوەی ئاژەڵدۆستییەوە لە چیرۆکی (جاشولکەکەم)دا بەرچاو دەکەوێت، یان خۆشەویستی خەڵکی شار بۆ کەسێکی ناودار و کۆمەڵایەتی شارەکە وەکو لە چیرۆکی (ئەوساڵەی مستەفا فەندی گەڕایەوە ئەستەمووڵ)دا بەرچاو دەکەوێت. هەموو ئەم جۆرە خۆشەویستییانە لە چیرۆکەکاندا هەن و بابەتێکی سەرەکیی

چیرۆکەکە پێکناهێنن، بۆیە بەسەرپێی ئاماژەمان بۆ کردوون و زیاتریش ئاماژەمان بە بابەتی  دڵداری نێوان کچ و کوڕ کردووە بە تایبەتیش ئەو چیرۆکانەی، کە بابەت و بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەن.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (لەپێناو دڵپاکیدا)، کە یەکەم ئەزموونی چیرۆکنووسینی نووسەرە، دەبینین پەیوەندییەکی سۆزداری یان ڕۆحی هەیە، کە تەواو جیاوازە لەوانی تر، چونکە پەیوەندییەکە لەنێوان مرۆڤدا نییە بەڵکو لەنێوان بولبول و گوڵی نەسریندایە، بەمەش نووسەر وەکو خۆیشی ئاماژەی پێدەکات ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بە چیرۆکەکە بەخشیوە (خەزنەدار، ٢٠٢٣، ٢٧١). وەکو ئاشکرایە، کە بولبول هەمیشە لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەفڕێت و خولیای ناو گوڵ و گوڵزارە.  لەو ڕووەشەوە نووسەر ئەم دۆخەی بە دڵدارییەکی ڕۆحی وەسفکردووە، بەڵام لووتبەرزی پەرییەکان لە ئاست بولبولی داماودا، وا دەکات یەکێکیان شاپەڕێك لە بولبول بدەن و ئەزیەتی بدەن، بولبولیش بە ناچاری ڕوو دەکاتە گوڵی نەسرین، کە تاکە هاوڕێی نزیکییەتی و لەسەر پەڕەی گوڵی نەسریندا دەنیشێتەوە و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت، گوڵی نەسرینیش داوای لێ دەکات، کە بەجێیبهێڵێت چونکە تەمەنی ئەم تەنیا وەرزی بەهارە و ئێستاش بەرەو وەرزی پایز دەچن و پەڕەکانی هەڵدەوەرن، ئیدی بولبولیش بە ناچاری دەگەڕێتەوە ناو هێلانەکەی خۆی و لە چاوەڕوانیدا دەبێت تا دەگاتەوە وەرزی بەهار و دووبارە دێتەوە بۆ لای گوڵە نەسرینی دڵداری، بەڵام مخابن لە ڕێگا تووشی پەرییەکان دەبێتەوە، کە زۆر ماندوو و بێزارن، چونکە لەبەر لووت بەرزییەکەیان وەرزی بەهاری پێشتریان شای پەرییان سزای داون و چی تر گوڵی نەسرینیش ناروێتەوە، بۆیە ئەمان هەست بە گوناهێکی زۆر دەکەن و زۆریش پەشیمانن، واتە **"بولبول نەوەستا، خۆی گەیاندە مێرغوزاری دڵدارەکەی، بەڵام ئەوساڵە خۆشەویستەکەی بێ بەهاربوو، نەسرین زیندوو نەبووبووەوە، دڕکوداڵێکی یەکجار زۆر ڕەزاگران لە دەوروپشتی گۆڕەکەی شین بووبوون. بولبول هاتەخوارەوە، لەسەر گۆڕەکەی نیشتەوە، دڕك و داڵ لەشی کون کرد خوێنی جگەری ڕشت، بۆئەوەی گۆڕی نەسرین ئاوبدا، بەڵکوو زیندوو ببێتەوە"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٦١). بەمەش نووسەر ئەوەمان پیشاندەدات، کە دڵداری ڕاستەقینە هەمیشە ئامادەیە گیانی خۆی لەپێناو دڵدارەکەیدا ببەخشێت.

هەروەها یەکێکی تر لەو چیرۆکانە، کە چیرۆکنووس لە چوارچێوەی چەمکی خۆشەویستیدا ئاماژەی پێداوە چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)یە، کە هەر لەناونیشانەکەوە دیارە زیاتر ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام بابەتی چینایەتی و سیاسیش لەخۆدەگرێت، کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا. ئاشکرایە، کە لە دەیەی شەستەکانی ڕابردوودا و لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەتیش لە لادێدا بە دڵنیاییەوە مەسەلەی دڵداری قەدەغەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەشدا (کاکەسوور و عەیشان) دڵداری دەکەن و پەیمانی ئەوە بە یەکتری دەدەن، کە پێکەوە هەڵبێن بۆ شار. لێرەشدا، لەوانەیە خوێنەر بپرسێت ئەگەر یەکتریان خۆشدەوێ بۆ زەماوەند ناکەن؟ دواتر نووسەر لەسەر زاری مام وسووەوە وەڵامی خوێنەر دەداتەوە، کە یارمەتی کاکەسوور و عەیشان دەدات و دەیانگەیەنێتە ناو شار و جێگای مەبەست. لە ڕێگا مام وسوو بە کاکەسوور دەڵێت:

- **کوڕی گەورەم کاکەسوور، دڵداری کارێکی بەجێیە، بە شەرع و بە عورف شتێکی ڕاستە، بەڵام نازانم بۆچ لای ئێمە شوورەییە، سوپاس بۆ خوا، کە عەیشان لە ئامۆزاکەی مارە نەکراوە، تەنیا لە منداڵییەوە نیشان کراون.**
- **وەڵڵاهی مام وسوو ئەگەر لێشی مارە بکرایە هەر لێم دەسەندەوە چونکە من عەیشانم خۆش دەوێ، ئەویش منی خۆش دەوێ** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١٠١).

کەواتە نیشانکردنی (عەیشان) بۆ ئامۆزاکەی هەر لە منداڵییەوە ڕێگربووە لەوەی، کە کاکەسوور بچێتە خوازبێنی، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بڕیاریانداوە پێکەوە هەڵبێن و تەسلیمی ئەو واقیعە سەپاوە نەبن. تا ئێرە لایەنی کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەر چیرۆکەکەدا، دوای ئەوەی دەگەنە شار و هاوسەرگیری دەکەن، ئینجا شەڕی ژیان دەستپێدەکات، کە زۆر بە زەحمەت و مەمرە و مەژی ژیان بەڕێدەکەن هەتا (کاکەسوور) کارێکی وەستایەك دەستدەکەوێت و وەستا ئازایی و چاپووکی کاکەسووری بەدڵ دەبێت و بەردەوام کاری پێدەدات لە بنیاتنانی سایلۆیەکدا، هەر کە کاری سایلۆکەش تەواودەبێت، لەبەر دڵسۆزی و لێهاتوویی و لەبەر ئەوەش، کە خەڵکی لادێیە و شارەزایی لە بابەتی دانەوێڵەدا هەیە، هەر لە سایلۆکە دەبێت بە کرێکار. ئیدی لێرەوە ژیانێکی تازە دەستپێدەکات و وردە وردە گوێی لە باس و خواسی دنیا و وەزعی کرێکاران و هەژاران دەبێت و قسەکان دەچن بە گوێیدا و وردە وردە بیری ڕۆشن و ڕۆشنتر دەبێتەوە. لە لایەکی تریشەوە، دوای بەدووکەوتنی (عەیشان( لە لادێدا، ڕاستە باوك و براکانی شوێنی نەکەوتن بۆ تۆڵەسەندنەوە و ئامۆزاکەشی ژنێکی تر دەخوازێت، بەڵام (وەتمان)ی برا بچووکی لە شەرمەزارییدا گوند بەجێدێڵێت و دەڕوات بۆ شارێکی دوور و ئەویش ئیش نامێنێ نەیکات هەتا دەگات بەوەی ببێت بە کرێکاری نەوت. هەر ئەو بیر و باوەڕەی، کە ڕێگای ژیانی کاکە سووریان ڕوناککردەوە، ڕێگای ئەمیشیان ڕوناککردەوە و بە تەواوی بیری گۆڕا، ئیتر بە شێوەیەکی جیاواز لە (کاکە سوور) و (عەیشان)ی دەڕوانی و لە دڵەوە هیوای دەخواست جارێکی تر بیانبینێتەوە. شایەنی باسە، ئەم هیوایەشی دێتەدی، کاتێك بۆ کاروباری یەکێتی کرێکاران بە شارەکانی کوردستاندا دەسووڕێتەوە، کە دەچێتە ئەو شارەی کە (کاکە سوور)ی لێیە و لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی ئەو شارە بەرەو جێگای کۆبوونەوەکە دەچن:

**(لە کاکەسوور زیاتر کەسی بەرچاو نەکەوت، سڵاویشی لە کەس نەکرد، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە دەستی لە ملی کاکەسوور کرد و نای بە سنگییەوە.**

- **ئەی عەیشان کوا؟!**
- **لە ماڵەوەیە، هەر ئێستا لە پاش کۆبوونەوە دەچینەوە)** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ١١٠ – ١١١).

ئیدی بەم شێوەیە دەبینین، کە بابەتی چینایەتی و تێکەڵبوون بە جیهانی سیاسی، ڕۆڵێکی باش دەبینن لە لەناوبردنی هەندێ داب و نەریتی کۆن و ڕێگەدان بە دڵداری و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر و مافی بڕیاردانی لە چارەنووسی تاکدا.

هەروەها لە چیرۆکی (دڵ و نەتەوە)دا قارەمانی چیرۆکەکە، کە بە جێناوی من دەدەوێت و هەرگیز ناوی خۆیشی ناڵێت، لە یەکەم بینینەوە بەدیعەی مام سەلیمی بەقاڵی خۆشدەوێ، بەبێ ئەوەی بزانێت ناوی چییە و کچی کێیە؟ ئەویش لە کاتێکدا، کە باوکی ترشیاتی پێ دەنێرێت بۆ ماڵی حاجی کەریم ئەفەندی لەسەر قەڵا، لە ڕێگا چاوی بە (بەدیعە) دەکەوێت و سەرنجی رادەکێشێت. دوای پرسیار و سۆراخێکی زۆر لە ئەسعەدی هاوڕێی دەزانێ، کە ئەو کچە ناوی (بەدیعە)یە و کچی (مام سەلیمی بەقالە) و زۆر دەوڵەمەندە و بڕیار وایە ئەم ساڵ بچێت بۆ حەج. ڕۆژێك، کە ترشیات دەبات بۆ ماڵی حاجی کەریم ئەفەندی دەبینێت بەدیعە لە پێشییەوە دەڕوات و ئەویش هەر بۆ ئەو ماڵە دەچێت، لە بەردەرگا قسە دەکەن و تێیدەگەیەنێت، کە ناوی دەزانێت و خۆشیدەوێت، بەدیعەش ناڕاستەوخۆ تێیدەگەیەنێت، کە ئەویش خۆشیدەوێت. بەڵام ئەوەی زیاتر وا دەکات، کە (بەدیعە)ی خۆش بوێ، ئەوەیە، کە (بەدیعە) لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکات بەڵام خوێندنەوە و نووسینی کوردی نازانێت. لە ڕاستیدا، ئەمەش وا دەکات، کە پەیوەندییەکەیان بەردەوام بێت تا باوکی (بەدیعە) دەچێت بۆ حەج و دەگەڕێتەوە. قارەمانی چیرۆکەکەش لەگەڵ خەڵکی گەڕەك دەچێتە پێشوازی باوکی (بەدیعە) و لەگەڵ خەلکەکە دێنە ژوورەوە بۆ ناو حەوشی مالی (بەدیعە). لەم کاتەشدا (بەدیعە) دەبینێت و لە یەك نزیکدەبنەوە گفتوگۆ دەکەن و دەڵێن:

- **بۆ لە پێشوازی باوکم بەشدار بووی؟!**
- **لەبەر تۆ!**
- **بۆ منت خۆشدەوێ؟!**
- **چون خۆشتم ناوێ؟! ئەدی تۆ منت خۆش دەوێ؟** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٣٤٠)

وەك دەبینین، (بەدیعە) بە قسە وەڵامی ناداتەوە بەڵام بە زەردەخەنە تێیدەگەیەنێت، کە بەڵێ ئەویش خۆشیدەوێ. دواتر قارەمانی چیرۆك داوای ئەوەی لێدەکات، کە پێویستە خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بکات. ئەویش زیاتر ماوەی نادات لەوێ بمێنێتەوە، هەندێ نوقڵی لەناو زەرفێکدا پێ دەدات و داوای لێدەکات، کە بڕوات تا کەس نەیانبینێت.

**"لە ڕێگە زەرفی نوقڵەکەم کردەوە، پارچە کاغەزێکی باریکی تێدابوو، بەدیعە بە خەتی خۆی نووسیبووی (من لە تۆ زیاتر بە تەنگەوەم، لەوە دڵنیابە؛، کە فێری خوێندن و نووسینی کوردی دەبم"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٣٤١).

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی، کە بەدیعە کوڕەکەی خۆشدەوێت، چونکە بڕیاردەدات، کە خۆی فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بکات. شایەنی باسە، بە زیاتر هەڵدانەوەی لاپەڕەی چیرۆکەکان و ڕۆچوون بە نێو چیرۆکەکانی (مارف خەزنەدار)دا گەلێك بابەت و ڕووداوی تر دەبینین سەبارەت بە مەسەلەی ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی لە دوو توێی چیرۆکەکاندا. بۆ نموونە لە چیرۆکی (دوا لنگە قرتێ)دا چیرۆکنووس باس لە گەنجێکی هەژار و نەدار دەکات، کە بۆ خوێندن چۆتە بەغدا و لە کۆلێژی بازرگانی و ئابووریدا وەرگیراوە، کاتێکیش دەچێتە ئەم کۆلێژە لەوێدا گیرۆدەی کچە سکرتێرەکەی ڕاگر دەبێت. هەروەکو دەڵێت: **"بەیانی زوو لەخەو هەڵسا بەرەو کۆلێجی بازرگانی و ئابووری کەوتە ڕێ، بۆ لای کچە سکرتێرە جوانەکە، ئەو جانانەی لە یەکەم ڕۆژەوە کە باوەڕ نامەکەی لێ وەرگرتبوو دڵی سمیبوو، ئەوی نەشمیل و خەرامان، ڕزگاری لات و هەژار قەت ناکرێ یەکتر بگرنەوە، بەڵام هێزیش نییە دڵداری لە ڕزگار قەدەغە بکا، بە تایبەت هەر خۆی و هەتا هەتاییش هەر خۆی هەست بەم دڵدارییە دەکا"** (خەزنەدار، ٢٠٢٤، ٢٤١). کەواتە لەم جۆرە دڵدارییەدا، کە تەنیا لە دڵدا دەمێنێتەوە و بەیەکتر ناگەن، دڵداری نێوان ئەم کچە و ئەم کوڕە، هەژاری لەنێوانیان بووەتە بەربەست، بەڵام لەوە دەچێت دڵدارییەکی یەك لایەنە بێت، چونکە دەڵێ: **هەر خۆی و هەتا هەتایش هەر خۆی هەست بەم دڵدارییە دەکا.**

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. چیرۆکەکانی مارف خەزنەدار ئاوێنەیەکی ڕوونی واقیعی سەردەمەکەی خۆیەتی. بە واتای ئەوەی، کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی وەکو خۆی گواستووەتەوە.
2. لە چیرۆکەکانیدا، خێزان وەکو دەزگا یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام زۆر لەسەریان نەوەستاوە و ڕۆڵ و سروشتی خێزانی زۆر نەخستووەتەڕوو، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی خێزاندا خستووەتەڕوو.
3. لە چیرۆکەکانیدا سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر بایەخی بە هاوڕێیەتی و خزمایەتی و خۆشەویستی داوە و وێنە و مەبەستی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی خستووەتەڕوو، هەندێجاریش ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەشی خستووەتەڕوو، کە وابووە ئەنجامێکی ئەرێنییان هەبووە، وەکو لە چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)دا دەبینرێت.

## سەرچاوەکان


١. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (د.)، ٢٠١٢، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. حەسەن، حەمە سعید، ٢٠١١، هونەری نووسینی چیرۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣. خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، ٢٠٢٣، ڕۆژگاری من، کتێبی دووەم، بەرگی سێیەم – بەرگی چوارەم، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، هەولێر.

٤. خەزنەدار، بنیاد، (٢٠٢٤)، ئەڵەمان کوردی و چیرۆکەکانی تر – کوردیادە و سەرجەم چیرۆکەکانی دوکتۆر مارف خەزنەدار،

٥. ڕەحمان، عەبدوڵلا (د.)، ٢٠٢٠، کۆمەڵگە لە ڕۆمانی کوردیدا – لێکۆڵینەوەیەك لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیی باشووری کوردستان ١٩٦١ – ١٩٩١. ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

6.حسن، سمير ابراهيم (أ. د.)، 2012، تمهيد في علم الاجتماع، دار السيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، الاردن.

7. فكرة، عبدالعزيز، 2017، العلاقات الاجتماعية من منظور سوسيولوجي، مجلة العلوم الاجتماعية و الانسانية، المجلد (10)، العدد (2)، جامعة تبسة، الجزائر.

8. فياض، حسام الدين (د.)، 2016، العلاقات الاجتماعية – نحو علم اجتماعي تنويريhttps://archive.org/details/hosamfayad729_gmail_201704/mode/2up

9. القماز، محمد عدنان، 2021، تعريف الاسره، متوفر على الرابط:

https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D8%A9

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-11

# Social relation in the stories of Marf Khaznadar

**Nessan Abbas Farhan, Jalal Anwer Saeed**

Kurdish Department, College of Education - Makhmour, Salahaddin University, Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | |

**Keywords**

**Social Relationship, Marf Khaznadar, relatives, friendship and love.**

**Corresponding Author**

Nessan.farhan@su.edu.krd
Jalal.saeed@su.edu.krd

**Abstract:**

The human being in his nature is a social creature and it is hard to be able to live separately from others. This is because from day one of his appearances on earth (even in Heaven as mentioned in the religious point of view) has attempted to establish social relationships. Since it is obvious that the smallest social unit consists of two individuals, not one and the two individuals should be in both genders so that society can be made and be ongoing. Thus, the social relationships naturally and normally appear from their beginning and from various interfaces among the individuals take their form. From this perspective we have tried to find out how far Marf Khaznadar has been able to embody these social relationships along with their conflicts and outcomes in his stories. For the response of this question and to reach the required conclusion, we have applied the social criticism school. Our thesis is divided into two parts. In the first part, we have focused on the definition and appearance of these social relationships. In the second part, we have attempted to point out and analyze the image and types of these social relationships like family, relatives, friendship and love in Marf Khaznadar's stories. Finally, we have shown the conclusions that the thesis has reached out and then the list of the references and the abstract of the thesis in both Arabic & English languages are shown.

Key words: Social Relationship, Marf Khaznadar, relatives, friendship and love.